# ئامادەکاری بۆ فێستیڤاڵی شانۆی کەرکووک دەکرێت

■ **ئا: بژار حەکیم**

وا بڕیارە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکووک بەڕێوەبچێت کە چوار ڕۆژ دەخایەنێ و تێیدا چەندین کاری شانۆیی نمایش دەکرێن.

سیروان بێلانە، گوتەبێژی فێستیڤاڵەکە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیارە لە ڕۆژی 1ی ئایاری داهاتوو یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆیی کەرکووک بەڕێوەبچێت کە تێیدا چەندین شانۆیی نمایش دەکرێن و بۆ ماوەی چوار ڕۆژیش بەردەوام دەبێت.

فێستیڤاڵە شانۆییەکەی کەرکووک ناونراوە خولی (جیهاد دڵپاک) ئەوەش وەک ڕێزێک بۆ کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندە کۆچکردووە.

سیروان بێلانە گوتیشی، لە فێستیڤاڵەکەدا هونەرمەند و شانۆکارانی شارەکانی کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، بەغدا و بەسرە بەشدار دەبن و دوای پێشکەشکردنی هەر شانۆگەرییەکیش دانیشتنی ڕەخنەیی بۆ شانۆگەرییەکان دەکرێت.

فێستیڤاڵی شانۆی کەرکووک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەر و ڕۆشنبیریی کەرکووک و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هونەر و ڕۆشنبیریی سلێمانی بەڕێوەدەچێت.



## خەڵاتەکان بۆ ساڵەکانی 2018 و 2019 دەبن

# ئەمساڵ دوو خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەب دابەشدەکرێن

■ **ئا: بژار حەکیم**

ئەکادیمیای سوێد ڕایگەیاند کە کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ ئەمساڵ دوو خەڵاتی نۆبڵ لەبواری ئەدەب دابەشدەکات، یەکێک لە براوەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بۆ ساڵی 2018 دەبێت کە هێشتا دابەش نەکراوە.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئەکادیمیای سوێد ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ساڵی ڕابردوو بەهۆی تۆمەتی گێچەڵی سێکسی لەسەر هاوژینی یەکێک لە ئەندامانی بڕیاردەری کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ خەڵاتەکە دابەش نەکرا.



ئەکادیمیای سوێد دەشڵێ، دوازدە ئەندام بڕیار لەسەر ئەو بەربژێرانە دەدەن کە بۆ خەڵاتی بۆبڵ دەستنیشان کراون و بڕیاریشە لە مانگی پاییزی ئەمساڵ لە ڕێوڕەسمێکدا براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەب بۆ ساڵی 2018 و 2019 ئاشکرا بکرێن.

هەموو ساڵێک لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب ئاشکرا دەکات و بۆ ساڵی 2017 یش ( کازوو ئیشیگۆرۆ) ڕۆماننووسی بەریتانی بە ڕۆمانی (پاشماوەی ڕۆژ) بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەب.

# بەیان سەلمان شیعرەکانی بە فەرەنسی چاپ دەکات




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

بەمنزیکانە ژنە شاعیر و ڕۆماننووس ( بەیان سەلمان) نوێترین کتێبی شیعری بەناوی (ئەڤین و جەنگ) بڵاودەکاتەوە و هەمان کتێبیش بە زمانی فەرەنسی بڵاودەکرێتەوە.

کتێبی ( ئەڤین و جەنگ) بریتیە لە کۆکراوەی سەرجەم شیعرەکانی ژنە شاعیر (بەیان سەلمان) و بەمنزیکانە لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

بەیان سەلمان سەرجەم شیعرەکانی کۆکردوونەتەوە و لە دووتوێی یەک بەرگدا کە بەشی یەکەمی بەناوی ئەڤین و دووەمیشیان بەناوی جەنگە، ڕێکخراون.

ئەم کتێبە شیعرەی بەیان سەلمان وەرگێڕدراوە بۆ زمانی فەرەنسی. بەیان سەلمان خۆی لەگەڵ شاعیری فەرەنسی فیلیپ دولارب، وەریانگێڕاوە و بۆ چاپە فەرەنسییەکە ئامادەیان کردووە. لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپە فەرەنسییەکەیشی بڵاودەبێتەوە.

بەیان سەلمان ساڵی 1961 لە کەرکووک لە دایک بووە، شاعیر، ڕۆماننووس و وەرگێڕە. بە زمانی کوردی، عەرەبی و فەرەنسی بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە و ساڵی 1996 یەکەم بەرهەمی شیعری چاپ کردووە.

بەیان سەلمان لە ساڵی 1998ـەوە لە پاریس دەژیت و خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی شیعر، چیرۆک ، ڕۆمان، دەقی شانۆیی و وەرگێڕان و ساڵی 2016 خەڵاتی ڕۆماننووسینی لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە پێ بەخشرا. هەروەها ماستەری لە ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەرەنسی هەیە.

# سەنگەر زراری هونەری ژیاننامە بڵاودەکاتەوە




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

سەنگەر زراری، نووسەر و ڕەخنەگر کتێبی "هونەری ژیاننامە" بڵاودەکاتەوە.

پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی "هونەری ڕۆمان" نزیکەی شەش مانگ لەمەوبەر، سەنگەر زراری کتێبی هونەری ژیاننامە بڵاودەکاتەوە.

کتێبی "هونەری ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینەوەی بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی"، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: تایبەتە بە نووسینەوەی بیرەوەری و ژیاننامە و مێژووی نووسینەوەی هەردوو هونەری ژیاننامە و بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بەشی دووەم تایبەتە بە نووسینەوەی هونەری گەشتنامە و مێژووی گەشتنامە و هونەر و مێژووی نووسینەوەی گەشتنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بەشی سێیەمیش بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕۆمانانە تەرخان کراوە کە باس لە ژیانی کەسێک یان کەسانێکی واقیعی دەکەن و بە ڕۆمانی ژیاننامەیی ناسراون.

لە کۆتایی کتێبەکەشدا دوو پاشکۆی تایبەت هەن کە یەکێکیان وەکو نموونەی بیرەوەریی نووسەری کتێبەکەیە و دووەمیشیان وەکو نموونەی نووسینەوەی گەشتنامەیە.

سەنگەر زراری، جگە لەم کتێبە، خاوەنی شەش کتێبی دیکەی نووسین و وەرگێڕانە.

کتێبی "هونەری ژیاننامە" لە لایەن نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

بڕیارە ئەم کتێبە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ و لە چواردەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر بڵاوبکرێتەوە.

# ڕۆمانێکی مارکیز دەکرێتە درامای تەلەڤزیۆنی



■ **ئا: هۆشەنگ دارا**

ڕۆمانی ( سەد ساڵ تەنیایی) کە بەناوبانگترین ڕۆمانی نووسەری بەناوبانگی کۆڵۆمبی ( گابرێل گارسیا مارکیز)ـە دەکرێتە زنجیرەیەکی درامای تەلەڤزیۆنی.

کۆمپانیای میدیایی نێتفلێکس ڕایگەیاند، ئەرکی بەرهەمهێنانی ڕۆمانەکەی لەشێوەی زنجیرەی درامای تەلەڤزیۆنیدا لەئەستۆ گرتووە، نێتفلێکس هەروەها ڕایگەیاندووە کە زنجیرە دراماکە بە هەمان ناوی ڕۆمانەکە و بەشی هەرە زۆریشی لە کۆڵۆمبیا و بە زمانی ئیسپانی تۆمار دەکرێت.

لەوبارەوە کوڕەکانی ( گابرێل گارسیا مارکیز) ڕایانگەیاندووە کە باوکیان هیچکات باوەڕی بەوە نەبووە مافی بەرهەمهێنانی ئەم ڕۆمانەی لە شێوەی کارێکی سینەماییدا بدات بە لایەنێک، چونکە لەوباوەڕەدا بووە کە سینەما هێشتا ناتوانێت مافی تەواو بەو ڕۆمانە بدات؛ ئەو هەروەها لەو باوەڕەشدا بووە کە لە ئەگەرێکی وەهادا، بەرهەمهێنانی کارێکی سینەمایی لەو چەشنە، جگە لە زمانی ئیسپانی، کارێکی نادادپەروەرانە دەبێت.

( گابرێل گارسیا مارکیز) ساڵی 1967 ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) نووسیوە کە چیرۆکی چەند نەوە لە خێزانی بووێندیا دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە بەشێوەی ڕیالیزمی جادوویی نووسراوە و زیاد لە 47 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و بۆ 46 زمانی جیهانیش وەرگێڕدراوە.

مارکیز جگە لە ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)، چەند ڕۆمانێکی دیکەشی وەک (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا) و (بە یادی سۆزانییە غەمبارەکان) کراونەتە فیلمی سینەمایی.




## ئەبو زەبی؛ لە بوخچەی دایکە شاربانوودا مەککەیە

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (لە مەککە)ـی قادر عەبدوڵڵا

ڕۆمان؛ وەک ژانرێکی ئەدەبی هەموو جارێ بوخچەی نووسەرەکەیەتی، بە واتایەکی دیکە؛ ڕۆماننووس سەرلەنوێ ژیان وەرێ دەخاتەوە و کەرەستەکانیشی دووبارە بۆ دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی بەتەما نەبێ کە بمرێت. ئیدی ڕۆمان؛ جیهانێکی ئاڵۆزە و تەونی جاڵجاڵۆکەیە.

ئەوەی دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم؛ ڕۆمانی "لە مەککە"ی قادر عەبدوڵڵایە کە شەفیقی حاجی خدر لە هۆڵەندییەوە کردوویەتی بە کوردی، پێم خۆش بوو منیش لێرەوە؛ تەوافێک بەدەوری مەککەیدا بکەم.

ئەم ڕۆمانە؛ گێڕانەوەی بەسەرهات و یادگارییەکی ڕۆماننووس خۆیەتی، هەروەک کەسی سەرەکیش ڕۆڵی وەرگرتووە و، هەر خۆیشی هەموو کەسایەتییەکانی دیکە پێشکەش دەکات، هەموو ئەو شتانەش لەپێناو دایکی دەکات، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، یاداشتکردنی دیدارە گەشتی نێوان دایکە شاربانووە لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا کە وەک گرێی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ڕۆماننووس نازانێت چۆن جارێکی دیکە بەدیداری دایکی شاد بێتەوە، چونکە گەڕانەوەی بۆ ئێران ڕێگەپێدراو نییە و ناتوانێت بگەڕێتەوە، هەتا دواتر ئەو بیرۆکەیەی بۆدێت کە بچێتە ئەبوزەبی، هەڵبژاردنی ئەم جێگایەشی بە ڕاوێژ و گفتوگۆ دەبێت لەگەڵ خێزانی، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار؛ یەکەم: دایکی پیر و کەنەفت بووە و توانای بڕینی ڕێگای دووری نییە هەتا بچێتە ئەمستردام، دووەم: دایکی زۆر ئارەزووی ئەوەی کردووە ڕۆژێ بێت بچێتە مەککە و زیارەتی کەعبەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەر "د.خ" بکات، ئەمەی چەندین جار لەگەڵ کوڕەکەی باسکردووە، ئیدی ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ کوڕەکەی، کە بێتە ئەبوزەبی و دایکی ببینێت و پاشان گەشتێکی مزگەوتە گەورە و بەناوبانگەکەی شێخ زایدیشی پێ بکات، وا ڕێک دەکەوێت؛ هاوکات لەگەڵ دیداری نێوان خۆی و دایکی لە ئەبوزەبی؛ ساڵیادی کۆچی دوایی شێخ زایدیش دەبێت، بەمەش خەڵکێکی زۆری گەشتیار و شوێنکەوتووی شێخ دەچنە مزگەوت، لەهەمان کاتدا ڕۆژی هەینیشە. قادر عەبدوڵڵاش ئەمە بە دەرفەت دەزانێت لەگەڵ دایکی و خێزانی و خوشکەکەی (مەحبوبە)؛ دەچنە سەردانی مزگەوتی شێخ زاید، ئاپۆرای خەڵک بەجلی سپی و، ئەو خەیاڵەی پێشتری دایکی کە لە هوتێل لە پەنجەرەوە دەیڕوانیە بیابان و وێنای هاتنە مەککەی لەلا دروست کردبوو؛ پشتڕاست دەکاتەوە. بۆیە داوا لە خێزانی و خوشکی دەکات بەپێی هەستی دایکیان بجووڵێنەوە و بێزاری نەکەن؛ بەوەی پێی بڵێن ئێرە ئەبوزەبییە و مەککە نییە. چونکە دایکیان تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە و خڵەفان هاتبوو، دواجار جلی چوونە ژوورەوەی مزگەوتی شێخ زاید دەبێتە ئیحرامی حەج بۆ دایکی و، مەزاری شێخیش وێستگەی تەوافی دایکە شاربانوو، ئیدی لە خەیاڵ و بوخچەی دایکە شاربانوودا؛ ئەبوزەبی مەککەیە. هەتا ئێرە؛ ژماردنی گوێز بوو لە بوخچەی دایکە شاربانوو، واتا ئەمە لایەنە دیارەکەی واتای ڕۆمانەکەیە، بەگوزارشتێکی دیکە؛ ئەمە تەوافی یەکەم بوو لە مەککە!.

هەرچی تەوافی دووەمە؛ هی قادر عەبدوڵڵایە؛ ئەویش بەدەوری ئەو مێژووە درێژەی نێوان فارس وعەرەب، لەوەی کە؛ لە ماوەی 1400 ساڵی ڕابردوودا و بەهۆی مێژوویەکی ساختە و هەستی ئایینی و لووتبەرزی و باڵادەستی فارسەکانی سەردەمی دێرین؛هەستێکی وایان لەلا دروست بووە کە مەککە بە ماڵی خوا بزانن، نەک بە هی سعودییەکان!.. وەک ئەوەی کوچک گەرمتر بی لە ئاگردانێ!.. لەلایەکی دیکە؛ ئەم ڕۆمانە پاشخانی بیر و باوەڕی نووسەریش نیشان دەدات کە بڕوای بەم پرسە لەنگە، یاخود نییە، پێیوایە ئەوان فروماڵیان بەسەر مەککە و بیرو باوەڕەکەیەوە نییە. بەڵکو بەو هۆیەوە؛ عەرەبەکان توانیویانە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت؛ میللەتی فارس بگەوجێنن، هەروەک ئەوەی لەیەک کاتدا؛ ئەم ڕۆمانە بەریەککەوتن و ململانێ وهەوڵی

**◄ بۆتان لەتیف عەبدولقادر**



سەردەستەبوونی نێوان دوو شارستانیەتیش نمایش دەکات، ئەویش شارستانیەتی فارس و شارستانیەتی عەرەبن، ململانێی نێوان فارس وعەرەب؛ زۆر درێژە و هەتا ئێستاش بەردەوامە!. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەبوزەبیش جۆرە مەککەیەکە!. واتا کەشوهەوای مزگەوتەکەی شێخ زاید وەکو کەشوهەوای مزگەوتی مەککەیە!.. چ لە ڕووی پەیکەری مزگەوتەکە کە زۆر گەورەیە و بەگرانترین کاشی ومەڕمەڕ ڕازاوەتەوە و ئاوزێڕە، چ لەڕووی ئەو سرووتە واتایی و ئایینیانەی تێیدا ئەنجام دەدرێن. هەروەها ئەوەش پیشاندەدات کە شێخ زاید کەسێکی چەند باش بووە بۆ وڵاتی خۆی و، ئەو بیابانە وشک و گەرم و برینگەی چۆن کردووەتە شارێکی شاهانەیی و جوان و سەرنجڕاکێش و گەشتیاری و چ پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینیوە. هەروەک بەریەککەوتنی هەردوو ڕێبازی سوننە و شیعەش پیشان دەدات. دەکرێت بڵێین ڕۆمانەکانی قادر عەبدوڵڵا ڕەشنووسی دەستووری ململانێی نێوان دین و دونیا و هەروەها هی سوننە و شیعە، عەرەب و فارسن.

بەگشتی ڕۆمانی لە مەککە؛ ڕۆمانێکی خۆش و بەتام وچێژە، وەلێ زیاتر لە یاداشتی گەشتیارێک "گەشتنامەیەک" دەچێت، بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسراوە. گرێی گێڕانەوەی زۆر بەهێز نییە، هەتا وەکو ڕۆمان بیناسێنی. هەرچی زمانی وەرگێڕانە؛ بەگشتی زمانێکی جوان و ڕێکە، من لەگەڵ کوردیەکەمە، چونکە ڕۆمانەکەم بە زمانی دایکی نەخوێندووەتەوە، بۆیە وەکو بەراورد ئەم قسەیە ناکەم، ئەگەر تێبینیش لەسەر هەندێ ڕستە و دەستەواژە هەبن؛ بەڵام بەگشتی بە زمانێکی کوردیی جوان نووسراوە، ئەمەش بۆ لێهاتوویی و شارەزایی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە، کە وەک وەرگێڕێک خزمەتی باشی بە پەرتووکخانەی کوردی کردووە. بە ڕستەی کۆتایی ڕۆمانەکە؛ قسەکانم لەسەر ڕۆمانەکە تەواو دەکەم: (ئیدی هەموو شتێک گەیشتە کۆتاییەکەی خۆی، مەودای دەریاش کە لە نێوان من و نیشتیمان بوو؛ کۆتایی هات).

دیارە لەدوورەوە بە نیشتیمان شاد بووەتەوە و لەم بەر دەریاوە بۆ ئەوبەر دەریا "خاکی وڵات" تێر تێر تەماشای وڵاتی کردووە، دواتریش بە مەلەوانی لەنێو دەریاکەدا؛ گەیشتووەتە خاکی نیشتیمان و دزە ماچی نەتەوەیی، بۆ دواجاریش هەر هەندەرانە نیشتیمانی.



# بەرنامەی خوێندن لەڕێی گێڕانەوەوە

**◄ حەمە مەنتک**



ئاشکرایە پرۆسێسەی پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لە فاکتەرەکانی پێشکەوتن، یان دواکەوتنی هەر کۆمەڵێک. ئەم دوو ئامرازە فاکتەرێکن بۆ هۆشیاریی تاک. قۆناغی بنەڕەتی، یان ئەوەی پێشتر بە سەرەتایی ناودەبرا، قۆناغێکە دەتوانی منداڵی تێدا پەروەردە بکەی. هاوکات بە شێوەیەک خوێندنی فێربکەیت کە ببێتە بناغەیەک بۆ قۆناغەکانی داهاتوو. ئەگەر ئێستا لە زۆربەی وڵاتان کەرتی پەروەردە و خوێندن درابێتە کەرتی تایبەت، کە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەن. بەڵام ئەمە لە وڵاتگەلێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە کە پەروەردە و فێرکردن لە پێش قازانجەوەن.

لە هەرێمی کوردستان پەروەردە هێندە پاشەکشەی کردووە، بووەتە گرفتێکی ئەوتۆ کە حکوومەت توانای چارەکردنی نییە، چونکە گرفتەکان بە درێژایی بیست و حەوت ساڵە وا لەسەر یەکدی کەڵەکە دەبن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەرتی پەروەردە و فێرکردن هێندەی وەکوو کۆمپانیایەک تەماشا دەکرێت، هێندە وەکوو کەرتێکی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤ تەماشا ناکرێت. ئاخر مامۆستا (چ لە بنەڕەتی و چ لە قۆناغەکانی دیکە) چۆن دەبێت قوتابخانەی تایبەتی هەبێت! ئاخر چۆن دەکرێت منداڵی بەرپرسان و دەوڵەمەندان لە قوتابخانەیەکی تایبەت بن و منداڵی خەڵکانی دیکە لە قوتابخانە حکوومییەکان! ئاخر چۆن دەبێت مامۆستا ناوی (مامۆستا فلان گرێنتی) بێت! واتە بە گرێنتی و سەت لە سەت قوتابی لە پۆلی دوانزە دەردەچوێنێت. ئاخر دەکرێت کتێبی پرۆگرام دووسەت لاپەڕە بێت و فلان قوتابخانەی ناحکوومی دەیکات بە پانزە لاپەڕە و بە گرێنتی نەوەد لە سەت؟ ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە کەرتی پەروەردە وێرانە.

کتێبی (بەرنامەی خوێندن)ی (تۆڵستۆی) لە وەرگێڕانی (عەزیز گەردی)، هەوڵێکە بۆ ئەوەی نیشانمان بدات کە ئەدەبیات لە کەرتی پەروەردەدا چەند گرینگە. ئەم بەرهەمە لە چوار کتێب پێکهاتووە. (تۆڵستۆی) دوای ئەوەی چەندین وڵاتی ئەورووپی دەگەڕێت و نموونەی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەیان دەهێنێتەوە ڕووسیا، دوای ئەوەی لەگەڵ کونسوڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی پەروەردەوە قسان دەکات، ئەویش کتێبێکی پەروەردەیی کە لە سێ بەرگ پێکهاتبوو و بۆ منداڵانی ئەمریکا نووسرابوو، بە (تۆڵستۆی) دەدات، تۆڵستۆی دوای خوێندنەوەی بڕیار دەدات کتێبێکی پەروەردەیی لەو شێوەیە بنووسێت. ئەم کتێبەی دەینووسێت، لە چوار بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم (58) بابەت و هی دووەم (63) بابەت و سێیەم (43) بابەت و چوارەم (32) بابەت لەخۆ دەگرێت. هەموو ئەم بابەتانە بە شێوەی گێڕانەوە نووسراون. بابەتەکان بە چەند جۆرێک گێڕانەوە گێڕدراونەتەوە، لەوانە: لاورۆک (ئەفسانە)، چیرۆک، کورتەچیرۆکی شیعری، هەقایەت، وەسپ و بابەت بۆ گفتوگۆ.

ئەم کتێبە لەسەر گێڕانەوە بەندە، واتە هەموو بابەتەکانی بە گێڕانەوە نووسراون. ئاشکرایە (تۆڵستۆی) کەسێکی ڕۆشنبیر و هوشیار بووە، یەکێکە لە ڕۆماننووسە گەورەکانی جیهان. بۆ دانانی بەرنامەیەکی خوێندن بۆ منداڵانی گوندەکەی خۆیان چەندین وڵاتی ئەورووپی گەڕاوە. لە پرۆگرامی خوێندنی ئەو وڵاتانەی ڕوانیوە و هەڵیسەنگاندوون. بەتایبەت وڵاتێکی وەکوو ئەمریکا. کەواتە ئەم کتێبە بەرنامەیەکی سادە و ساکاری خوێندن نییە، بەڵکوو لایەنی پەروەردەیی و فەلسەفی زۆری تێدایە. هەریەک لەو دەقانە وانەیەکی پەروەردەیی و فیکری و خوێندنی تێدایە. تاکوو ئێستایش لە وڵاتە پێشکەوتووەکان شەوان دایک، یان باوک پێش خەوتن چیرۆک و بەسەرهات بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە. بە بڕوای من ئەم شێوازی پەروەردە و خوێندنە چەند ئامانجێک دەپێکێت.

یەکێک لە ئامانجەکان ئەوەیە منداڵ فێری بیرکردنەوە و تێڕامان دەکات. ئەم پنتە لە پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر نائامادەیە. ئێستا خەڵکی هێندەی خەمیانە منداڵەکانیان فێری زمانی ئینگلیزی بن، هێندە خەمی ئەوەیان نییە، منداڵەکانیان بیربکەنەوە. تێڕوانین و خەونیان هەبێت. بۆیەش دەبینین لە هەرێمی کوردستان زۆرن ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە فێری زمانی ئینگلیزی بوونە و بە ئینگلیزی دەپەیڤن، بەڵام هێندەی خوویان داوەتە فێربوونی زمانەکە، ناتوانن بە ئینگلیزی و تەنانەت بە کوردیش بیربکەنەوە. زانای ئەڵمانی بە ناوبانگ (ئیلبرت ئینیشتاین) دەڵێت: فێرکردن بریتیی نییە لە فێربوونی ڕاستییەکان، بەڵکوو بریتییە لە ڕاهێنانی مێشک لەسەر بیرکردنەوە. کاتێک منداڵ وانەیەک لە شێوەی چیرۆک، یان هەقایەت، یان لاورۆک دەخوێنێت، ئەو وانەیە کارەکتەرەکانی زۆربەی ئاژەڵ و گیاندارن. منداڵ ئەگەر بە واقیعیش شێر، مریشک، ئەسپ، بۆقی نەدیبێت، ئەوا لە خەیاڵی خۆیدا وێنایان دەکات. بەمەیش بوارێک بەو منداڵە دەدەین بیر بکاتەوە. پشت بە خۆی ببەستێ. ئایا لە خۆمان پرسیوە بۆ منداڵەکانمان پۆلی سێی بنەڕەتیش دەبڕن هێشتا بە تەواوی ناتوانن بخوێننەوە و پیتەکان بناسن؟ کاتێک دەڵێی ئەو وانەیە بڵێ، یەکسەر هەموویت بۆ لەبەر دەڵێت، بەڵام کاتێک دەڵێی کامە فلانە پیت و وشەیە، نایناسێتەوە. ئایا لە خۆمان پرسیوە بۆ زۆربەی خێزانەکان دوای ئەوەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە دێنەوە، دەبێ سەرلەنوێ دەرسیان پێ بڵێنەوە؟ بۆ منداڵەکانمان ناتوانن خۆیان وانەکانیان بخوێنن. بۆ لە هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابردوودا کەم منداڵ هەبوو لە ماڵەوە کەسێک دووبارە وانەی پێ بڵێتەوە، تەنێ خۆی دەیخوێند، کە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تەواو دەکرد، هەموو پیتەکانی دەناسی و دەخوێندەوە.

ئامانجێکی دیکەی ئەم شێوەیە پەروەردە و خوێندنە فێرکردنی منداڵە بۆ ئەوەی چۆن بژی و چۆن ڕووبەڕووی ژیان ببێتەوە. وەکوو پێشتر باسمان کرد، پرۆگرامی خوێندن دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت، وا بکات ئەو منداڵە لە خوێندنی هەر وانەیەک، پەندێکی ژیان فێرببێت. ئاخر منداڵێک هەموو کاتی خۆی بە فێربوونی ئینگلیزی بەسەرببات (سەرەڕای گرینگی و پێویستی ئەو زمانە)، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی نامۆ و دوورەپەرێزی لێ دەردەچێت. ئەگەر تەماشای ئەو کتێبە بکەین، هەر چیرۆکێکی، هەقایەتێک، لاورۆکێکی وانەیەکی ژیان فێری منداڵ دەکات. بۆ نموونە لە لاورۆکی (ژن و مریشک)دا هاتووە: مریشکێک هەموو ڕۆژێ هێلکەی دەکرد. کابان وایزانی ئەگەر زیاتری دان بداتێ مریشکەکە دوو هێندە هێلکە دەکا. زیاتری دان دایە. مریشکەکە قەڵەو بوو. بە تەواوی لە هێلکە چووەوە. ئەم وانەیە بە شێوەیەک منداڵ پەندی لێ وەردەگرێ کە هەم بە ئاسانی تێیدەگات و هەم چێژیشی لێ وەردەگرێت، چونکە باسی دنیایەک دەکات کە لە دنیای منداڵی خۆی نزیکە.

لێرەوە دەردەکەوێ کە گێڕانەوە لە پرۆسێسەی پەروەردە و فێرکردندا چەند گرینگە. مرۆڤ دەتوانێت منداڵەکەی لەڕێی گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکی ئەفسانەییەوە فێری ژیانی کۆمەڵایەتی بکات، خەیاڵی فراوان بکات. فێری ڕووبەڕووبوونەوەی سەختیەکانی ژیانی بکات.

هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی



# ئانا گریگۆریڤنا فریادڕەسەکەی دۆستۆیڤسکی



ڕۆماننووسی جیهانی فیۆدۆر میخائیلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی (1881–1821) یەکێکە لە ڕۆماننووسە ناودارەکانی جیهان کە تا ئێستاش ڕۆمانەکانی لە دنیادا دەخوێندرێنەوە و لەبارەیانەوە دەنووسرێت. دۆستۆیڤسکی چەندین ڕۆمانی درێژ و کورتی نووسیون، بەڵام زیاتر بە هەردوو شاکاری ؛تاوان و سزا؛ و ؛برایانی کارامازۆڤ؛ ناسراوە کە بۆ سەرجەم زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.

ئانا گریگۆریڤنا ژنی دووەمی دۆستۆیڤسکی هەمیشە پاڵپشتێکی گەورەی دۆستۆیڤسکی بووە و وەکو فریادڕەسێک بووە بۆی، بەمەش زۆر جار وەک قوربانی دەبینرێت و زۆر جاریش وەک یاریدەدەرێکی بەهێز بووە بۆ دۆستۆیڤسکی. ئانا بووەتە هۆی ئەوەی کە دۆستۆیڤسکی بە یەکجاری واز لە قومار بهێنێ و بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ژیانی ئاسایی. بە شێوەیەکی زۆر لەخۆبوردووانە خزمەتی هاوسەرەکەی و بەرهەمەکانی کردووە، بە ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ڕەنگە ئانا ئەگەر لە ژیانی ئەودا نەبووایە، سەرکەوتنەکانی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی وەها مەزن نەدەبوون.

بەڵێ لە بەرامبەر ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەی ئانای خێزانی، دۆستۆیڤسکیش ڕێزێکی زۆری لێناوە و هەمیشە سەرنجەکانی ئەوی بەلاوە گرینگ بووە، چون ئانا یەکەم کەس بووە کە بەرهەمەکانی ئەوی خوێندووەتەوە و پێداچوونەوەی بۆ کردوون، ئانا لەوبارەوە دەڵێت: "من سەبارەت بەو، ئاوێنەیەک بووم، لە میانی منەوە ئاستی سەرکەوتنی ڕۆمانەکانی دەبینی، من یەکەمین خوێنەری ئەو بووم، ئەو بۆچوونی منی بەلاوە گرینگ بوو، جەختی دەکرد کە زۆر جار ڕاستیی بۆچوونەکانی منی بۆ دەرکەوتووە، دوای ئەوەی بە بۆچوونی خوێنەر و ڕەخنەگراندا چووەتەوە".

ئانا گریگۆریڤنا لە دوای مردنی مێردەکەی بیر لەوە دەکاتەوە کە بیرەوەری ژیانی هاوسەرییان بنووسێتەوە، بۆیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ (1911–1916) سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بووە کە دواجار لە کتێبێکی بچووکدا تۆمار کراون و بەوەش جوانترین بیۆگرافیای دۆستۆیڤسکی نووسیوەتەوە. ئانا باسی قۆناغێک دەکات کە تیایدا دۆستۆیڤسکی گرینگترین شاکارە گەورەکانی نووسیوە، بە تایبەتی (گێلە، شەیتانەکان، تاوان و سزا، برایانی کارامازۆڤ و ...)، لە سەرجەم ئەو کارانەیدا ئانا لەگەڵا دۆستۆیڤسکی بووە.

لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین تەنیا تیشک بخەینە سەر ئەو بیرەوەرییانەی کە ئانا لەبارەی نووسین و خوێندنەوەی دۆستۆیڤسکی تۆماری کردوون.

ئانا باسی یەکەم ناسینی دۆستۆیڤسکی دەکات کە لە ڕێگەی مامۆستاکەیەوە بە مەبەستی نووسینەوەی ڕۆمانی (قومارچی) ئاشنایەتی لەگەڵا دۆستۆیڤسکی پەیدا دەکات، دواتر بەردەوام دەبێت لەگەڵی تا سەرەنجام دەبێتە ژنی دووەمی دۆستۆیڤسکی.

ئانا لەبارەی نووسینی دۆستۆیڤسکی دەڵێت: "پێم سەیر بوو لە قسەکانیدا بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە لە گەنجیدا کچێکی خۆشویستبێ. وابزانم هۆکارەکەی ئەوە بوو هەر لە تەمەنی زووەوە هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ نووسین. لە ڕاستیدا نووسین وای لێکردبوو کە ژیانی تایبەتی خۆی بخاتە پلەی دووەمەوە".

هەروەها دەڵێت:

– دۆستۆیڤسکی بە شەو تا سەعات سێ یان چواری بەیانی خەریکی نووسین بوو، بە ڕۆژیش درەنگ لە خەو هەڵدەستا، دوای نانخواردن دەستی دەکردەوە بە کار. دوای کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ دەچوو بۆ قاوەخانەیەک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ڕووسی و بیانی دەبوو. کاتژمێر حەوتی ئێوارەش وەک هەمیشە بۆ ماوەیەکی زۆر پیاسەمان دەکرد، دوای ئەوە دۆستۆیڤسکی بەرهەمێکی تازەی پێ دەنووسیمەوە، یاخود کتێبی فەڕەنسی دەخوێندەوە.

– کاتێک چووین بۆ فلۆرەنسای پایەتەختی ئەوسای ئیتاڵیا، لە کتێبخانە جوانەکەی ئەو شارەدا دوو ڕۆژنامەی ڕووسیمان بینی، ئەمە وای لە مێردەکەم کرد ڕۆژانە ئاگاداری بارودۆخی نیشتمان بێت. بۆ ئەو چەند مانگەی زستانیش چەند کتێبێکی خواست، لەوانە دانراوەکانی ڤۆلتێر و دیدرۆ، ئەو کتێبانەی بە زمانی فەڕەنسی خوێندەوە.

– ساڵی 1869 هات و لەگەڵ خۆیدا خۆشیی بۆ هێناین، دەرکەوت دیسان دووگیانم و سکم هەیە، دۆستۆیڤسکی زۆر بە وردی بایەخی بە تەندروستیم دەدا، تەنانەت یەکێک لە بەرگەکانی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی ڕۆماننووسی لاو (لیۆ تۆلستۆی)ی لێ شاردمەوە، کە تازە چاپ کرابوو، تەنیا لەبەرئەوەی ڕۆماننووس لەو بەرگەدا وەسفی مردنی ژنی میر ئەندرێ بۆلکۆنسکی دەکات کە لە کاتی ژانی منداڵبووندا دەمرێت. ئەو لەوە دەترسا ئەو وەسفە هونەری و نایابەی تۆلستۆی کار لە من بکات.

– کاتێک ئێمە لە دەرەوەی وڵات بووین، بافڵی کوڕی دۆستۆیڤسکی وێرابووی هەموو شتە بە نرخەکانی کتێبخانەی مێردەکەم بفرۆشێت. لەناوچوونی کتێبخانەکەی لێدانێکی سەخت بوو لە دۆستۆیڤسکی.

بیرکردنەوەی قووڵ یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زانا و ئەدیبانی جیهان، بە جۆرێک کاتێک ڕوودەچنە بیرکردنەوە هەست بە هیچ شتێک ناکەن کە لە دەوروبەریاندا دەگوزەرێت، ئانا زۆر جوان باسی بیرکردنەوە قووڵەکانی دۆستۆیڤسکیمان بۆ دەکات و دەڵێت: "(ڤاسیلی بیرۆڤ) یەکێک بوو لە نیگارکێشە بە ناوبانگەکان، توانی وێنەی (چرکەساتی داهێنان)، یان دۆشدامانی دۆستۆیڤسکی بگرێت، کە زۆر جار ئەو ساتەوەختەم بینیوە، کاتێک بۆ ئیشێک دەچوومە کتێبخانەکەی، دەمبینی چووەتە نێو قووڵایی ناخی خۆیەوە، دەهاتمە دەرێ بێ ئەوەی بیدوێنم. دواتر بۆم دەردەکەوت هەستی بە بوونی من نەکردووە، باوەڕی نەدەکرد من لەو ساتەدا هاتووم بۆ ژوورەکەی".

دوای مردنی دۆستۆیڤسکی، ئانا ناوەستێ، بەڵکو 38 ساڵی تر خۆی بە بەرهەمەکانی هاوسەرەکەیەوە خەریک دەکات. لەوبارەوە دەنووسێت: "دۆستۆیڤسکی هەر لە گەنجییەوە خەونی بەوەوە دەبینی خۆی بەرهەمەکانی خۆی چاپ بکات. من لەلای خۆمەوە خۆشحاڵیم بۆ ئەم بیرۆکەیە دەربڕی و بە حەماس بووم بۆی، ئەوکاتە نەمدەزانی لە پاش مردنی مێردەکەشم 38 ساڵی ژیانی خۆم بۆ ئەو کارە تەرخان دەکەم، دۆستۆیڤسکی هەر لە ساڵی 1873وە مافی لە چاپدانی بەرهەمەکانی بە من دابوو. لەو دەمانەدا هیچ یەکێک لە نووسەرانی ڕووس بوێریی ئەوەیان نەدەکرد لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمەکانی خۆیان چاپ بکەن. ئێمە لەم سەرکێشییەدا پێشڕەو بووین".

بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا، لەلایەن دوکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کراوە بە کوردی و ساڵی 2016 لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

نیهاد جامی– پۆڵەندا



# بۆشاییەکانی نووسین؛ ڕووی دووەمی تێکست



ئاخۆ لەڕێگەی بۆشاییەکانی نووسینەوە دەتوانین ڕووی دووەمی تێکست ببینین؟ ئەو بۆشاییانەی ناو نووسین لەکوێدان؟ ئەی ڕووی دووەمی تێکست چییە؟

سارتەر پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر بە کەلێنێک ناو دەبات ، ئەوە بۆشاییەک لە نێوان نووسەر و خوێنەر، بەواتای پەیوەندییەک درزێکی هەیە، هەمیشە پێویستی بە ئیشکردنەوەیە، ئەو تێگەیشتنە سارتەریە لەوێ تەواو دەبێت، خوێنەر لەڕێگەی ماناوە بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە.

بۆشاییەکانی نووسین کارێکە پێویستی بە گەڕانە بەدوای منی خوێنەر و ئەوی نووسەردا، ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئێمەوە ئەوە بۆشاییەکانی نووسینە، ئەو بۆشاییانە لەڕێگەی سەرلەنوێ نووسینەوە دەکەوینە ناو خولقاندنەوەی مانا.

بۆشاییەکانی نووسین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ساتەوەختی کردەی خوێندنەوە تاوەکو مانا بە تێکست ببەخشینەوە، بەخشینێک وابەستەی خوێندنەوەی بۆشاییەکانە لەڕێگەی نووسینەوە.

ئەوە خوێندنەوەی ڕەخنەیی نییە، هێندەی ئامادەبوونی منی خوێنەرە لەبەردەم کردەی خوێندنەوەدا، منی خوێنەر چۆن هەوڵی نووسینەوەی ئەو بۆشاییانە دەدەم کە دەکەونە نێوان من و تێکست، ئاخۆ ئەو نووسینەوەیە ڕزگارکردنی منە لەناو پەیوەندیی نووسەر بە تێکست؟ یاخود ئازادبوونی منە لەناو تێکستدا؟

خوێنەر لەناو تێکستدا وەک نووسەر دەردەکەوێتەوە، پرۆسەی خوێندنەوە بەرهەمهێنانەوەی مانایە، ئەوەش وادەکات خوێنەر ڕووی دووەمی تێکست ببینێ، ڕووی دووەمی تێکست بەرەنجامی یادەوەری زمانەوانی تێکستە.

فەیلەسووفێکی وەکو جولیا کریستیڤا لە کتێبی "زانستی تێکست" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تێکست ببێتە ناوەندی زانینێک توانای ڕووبەرێکی زمانەوانی هەبێت بۆ ناسینی کۆمەڵگا لە تەواوی ئاستە کۆمەڵناسییەکان و دۆخی دەروونی مرۆڤەکانی ناو تێکست.

ئەو ڕوانینە کریستیڤیە بەتەنیا لەلای دۆستۆیڤسکی دەبینین، هەر بۆیە شتێکی سەیر نیە، خۆشی بۆ ئەو بگەڕێتەوە، چونکە هەردوو ڕۆمانی "تاوان و سزا" و "برایانی کارامازۆف" دوو تێکستن لە ئاستی کۆمەڵناسی و دەروونشیکاری و گومانی فەلسەفی مرۆڤ، ئەوەیان دەشێت لە داهاتوودا ڕووبەری نووسینی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

هەڵبەت ئەو تێگەیشتنە بۆ تێکست وێنەیەک نییە ڕۆماننووسەکانی تر بتوانن لەو ئاگاییەوە ڕۆمان بنووسن، ئەوە وەک گریمانەیەکی تایبەتی دۆستۆیڤسکی دەیبینین، بەڵام بەو مانایەش نییە کە نەتوانرێت تێکست بێتە ناویەوە، بەڵام کاتێک ئەو ئاگاییە لەلای میلان کۆندێرا دەبینینەوە، دەکرێت ناوی بەرین بە "ڕووی دووەمی دۆستۆیڤسکی".

کۆندێرا لە ڕۆمانی «ئاهەنگی ماڵئاوایی» کە ڕەووف بێگەرد کردوویەتی بە کوردی، جگە لە خولقاندنی ڕووبەرێکی فراوانی زمان بۆ ئازادیی ئینسان، هەوڵی خولقاندنی چەمکی جیاوازی پەیوەندی و تێگەیشتنەکانی دەدات، وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤی هاوچەرخ لەنێوان مەعریفە و ویست بەرجەستە دەکات، چیتر وێنەکان خاوەنی دیدێکی ئەخلاقی نین، بەڵکو ویستی نیتچەیی مەعریفەش زەوت دەکات، وێنەیەکی فرەیی مرۆڤەکان بۆ تاکە کەسێک بەرجەستە دەکەن، ئەو فرەییە خولقاندنی مانای جیاوازی مرۆڤە بۆ دۆخی دەروونی و شوناسە ئەخلاقیەکەی، ئەوەش لە کارەکتەری ڕۆزینادا دەردەکەوێت،

ئەو کچەی یاکوب لەدوایەتی تا حەبە ژەهرەکەی لێ وەربگرێتەوە نەبادا لەگەڵ ئەوانیتر بیخوات و بمرێت، لێرەدا یاکوب نموونەی کارەکتەرێکی مرۆڤدۆستە، لەهەمان کاتدا گوناهێک دەکات نەک لەبەر ئەوەی ئارەزووی دەکات، بەڵکو بۆ تێکنەشکاندنی ناخی کەسێکی تر، بۆیە کاتێک ئۆلگا ناچاری دەکات سێکسی لەگەڵ بکات، لەکاتێکدا ئەو خۆی ئەو کچەی پەروەردە کردووە، وەک هەستی باوکێکی ڕۆحی گۆشی کردووە، لێرەدا ئۆلگا وێنەیەکی تری لۆلیتا بەرجەستە دەکات بۆ تێکشکاندنی وێنەی باوک، فرانتا گەنجێکی ترە و بەڕاستی عاشقیەتی، عەشق بەرەو شەڕکردن و سەرەڕۆیی دەبات تا لەوانیتر بیپارێزێت، کلیما مۆسیقارێکی گەڕیدەی ژنە لەلایەک خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی کە ناتوانێت دەستبەرداری بێت، کەچی شەوێک سێکسی لەگەڵ ڕۆزینا کردووە و سکی پڕکردووە، دواتر دەیەوێت فریوی بدات کە گەر منداڵەکەی لەباربەرێت ئەوە دەیکات بە ژنی خۆی.

لەنێوان فرە تێگەیشتنی پیاوەکان بۆ ڕۆزینا، کەچی ڕۆزینا لەئەنجامی خەوتن لەگەڵ بارتلیف تێدەگات، دنیا پەناو یەک پیاو کۆنەبووەتەوە، ئەوەتا لە سێکسکردنی لەگەڵ بارتلیف دەزانێت سەرباری جیاوازیی تەمەن، کەچی گەیشتووە بە چێژ و شادیەکی ڕۆحی و جەستەیی، ئەوەش وایکردووە کۆندێرا مۆتیڤێکی فرەیی بۆ تێگەیشتنی مرۆییانە لەسەر پەیوەندی و چۆنیەتی ڕوانین بۆ ژیان بخاتەڕوو.

کاتێک پێشبینییەکان دەڕەونەوە، دواتر لە شوێنێکی تر سەرهەڵدەدەنەوە، کە دەبنە مەرگی ڕۆزینا، لێرەوە نووسەر وەزیفەی ڕۆماننووس بەتەنیا لەناوکۆیی تێکستدا ناهێڵێتەوە، بەڵکو دەیهێنێتە قسەکردن، لێرەدا ئەو ڕووەی دۆستۆیڤسکی بەڕوونی لەلای کۆندێرا دەبینینەوە، هەڵبەت کۆندێرا لە ڕوانینە تیۆرییەکانی بۆ ڕۆمان ئەو باسەی کردووەتەوە کە چۆن ئەو ڕووبەرە کراوە بە تێکستی ڕۆمان ببەخشێت، لەو ڕۆمانەشدا تێکست وەک ڕووبەری ئاخاوتنی مرۆڤ لەژیان دەبینین کە چۆن ئاگایی مەعریفی کارەکتەر وەک زهنیەتی خۆی ڕووداوەکانی ژیانی پێ دەخوێنێتەوە.

لێرەوە تێدەگەین کەوا میلان کۆندێرا دەیەوێت وەک ڕوویەکی ئەخلاقی کارەکتەر دیوی دووەمی دۆستۆیڤسکی بنووسێتەوە، تەنانەت کارەکتەری ئۆلگا کە ناوێکی ڕووسیە وەک دەنگی ناو تێکستی دۆستۆیڤسکی و کولتوورەکەی هاتووە کە ئەوەیان لای میخائیل باختین بە ئیدیۆلۆژی ناوبراوە.

مرۆڤی هاوچەرخ لەڕووی سایکۆلۆژیەوە مرۆڤێک نییە خاڵی لەو وێنە ئەخلاقیەی دۆستۆیڤسکی وێنای کردووە، سەرەنجام کلیما چەندە هونەرمەندێکی بەتوانا و ناسراو بێت، هەروەک ڕاسکۆلنیکۆف ڕەوایەتی بە کوشتن دەدات، بۆیە دڵخۆشە بە مەرگی ڕۆزینا و تەنانەت بەو تۆمەتە ئەخلاقیانەی کە دکتۆر سکریتا درووستی کردووە، لێرەدا دەردەکەوێت دامەزراوە فەرهەنگی و ئەخلاقیەکان بەپێی ویستی خۆیان دەسەڵات بەرهەم دێننەوە، کلیما و سکریتا دوو نموونەی زیندووی ئەو دەسەڵاتەن.

ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پیاوێک نییە بێگوناه بێت، گوناهبار نەبێت، هەموویان کە دەمامکی عاشقبوون و مرۆڤی مۆدێرنیان لە ڕوخسارە، لەبنەڕەتدا ڕووی شاراوەیان وێنەی گوناهباربوونیانە، وێنەی دووەم کە وێنە ڕاستەقینەکەیە، وێنەیەکی شاردراوەیە لە ژنەکان. ژنەکان عاشقی وێنەی یەکەم بوونە کە وێنە ساختەکەیە. کۆندێرا ڕۆمان وەک تێکستێک دەخاتە ڕوو، کە تەنیا تێکستێکی ئەدەبی نەبێت، بەڵکو توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بێت لەڕووی پەیوەندی کولتووریی مرۆڤەکان بە کۆمەڵگاوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکەین کە کارەکتەری ئۆلگا لەو ڕۆمانەدا بەتەنیا ناوێکی ڕووسی نییە بەقەد ئەوەی گەڕانەوەیە بۆ ئەو پرۆژە کریستیڤییە کە تێکست ڕووبەرێکی زانستیە بۆ ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لەهەمان کاتدا یادەوەری ئێمە بەشدارییەکە پتەو دەکات لەناو تێکستدا، ئەویش بەگەڕانەوەی دۆستۆیڤسکی لەڕێگەی ئۆلگا و ئەو گۆڕانکارییەی لەناو تێکستدا خولقاندوویەتی، دۆستۆیڤسکی دەبێتەوە بە بەشێک لەناو زانستی تێکست.

# (هەنگاوێك بۆ سەركەوتن):
# وردبوونەوەیەك لە پێشەكییەكەی

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

لەم دواییەدا بەڕێز خاتوو پاکستانی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەممەد ئەمین مەنگوڕی (میرزا مەنگوڕی 1910– 2/1/1988) دانەیەک لە کتێبە چاپکراوەکەی باوکی بەدیاری بۆ ناردم، جێی سوپاس و پێزانینمە. کتێبەکە، یان ڕاستتر نامیلکەکە کاتی خۆی ساڵی 1938 لە چاپخانەی بەلەدییە لە سلێمانی لەچاپ دراوە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوکاتی شار دەستی بەسەردا گرتووە و ڕێی لە بڵاوکردنەوەی گرتووە، زیاد لەمە نووسەرەکەشی داوەتە دادگە و سزادراوە، وەک میرزا خۆی دەڵێ: (لەئاکاما بەناوی پڕوپاگەندەی موزیرە شەش مانگ حوکمی زیندانی درام و ساڵێک چاودێری و دەرکردنم لە وەزیفەی پۆلیسی) (1).

ئەم نامیلکەیە سەرلەنوێ لەلایەن نەوەی میرزاوە لەچاپ دراوەتەوە و کاک جەمال حسێن پێشەکییەکی بۆ نووسیوە. لەڕاستیدا کە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ورد دەبینەوە، بۆمان ساغ دەبێتەوە شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە (پڕوپاگەندەی موزیرە) بێ و حکومەتی ئەوکات لێی سڵەمیبێتەوە، هەروا مەسەلەی سانسۆر و چاودێریکردنی چاپەمەنی لەلایەن سیستمی سیاسی ئەو عەیامە، وەک لە پێشەکییەکەدا ئیشارەی پێدراوە. بۆیە سەرنجدانی منیش لەو پێشەکییەیە کە جگە لەمە هەندێ زانیاری هەڵەشی گرتووەتە خۆی و حەزم نەکرد هەروا بەسەر خوێنەرانی ئەو بەرهەمەدا تێپەڕن.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان (سانسۆر/ رقابە) لەگەڵ (چاودێری/ مراقبە) بە مەفهوومە عارەبییەکەی. ڕەقابە قانوون و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان ڕێکیدەخات و حکومەت دەریدەکات بۆ جێبەجێکردنی، کاتی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە 1938 ئەوجۆرە قانوونە بەناوی (قانوونی چاپەمەنی) بەپێی دەستووری عێراقی بەژمارە 82 لە 1931 دەرچووە، بەمەش کارکردن بە قانوونی چاپەمەنی عوسمانی هەڵگیرا، بەڵام بۆ چاودێری و سانسۆر، تەنیا (مولاحیزییەتی مەتبوعات) هەبووە کە جێی (وەزارەتی ڕاگەیاندن) یان (ڕۆشنبیری) گرتبووەوە و کاروبارەکانیشی هێند بەربڵاو و وردەکاری نەبوون تا دەستکێشێتە سەر نامیلکەیەکی پڕ لە باسی کۆمەڵایەتی و هاندانی خەڵک بۆ خوێندن و چاولێکردنی میللەتانی پێشکەوتووی ئەو عەیامە. ئەمەی ئێمە مەبەستمانە (ڕێبەندیکردن/ منع / یاساغ) ـەو کارەکە لە سنووری بەڕێوەبردنی لیوا کە (محافزە بە قەولی ئەمڕۆ) دەرنەچووە، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانرێ بدرێتە پاڵ (ڕاپۆرتی ڕاپۆرتنووسی یەک لە جاسووسەکانی ئەوکاتەی ناو شار) یان ناحەزێکی میرزا خۆی کە دووزمانییەکی کردووە لای کاربەدەستان، مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی گوتەنی (میرزایان لەدەمەوە داوە، یان بەهۆی لێخوێنن یان تێچاندن) ڕوونتر: کوڕی باشی!! فیتنەیەکی کردووە. ئەم دەرەتانی لەدەمەوەدانە بۆ ئەو دوو سێ کتێبەی تریش دەشێ کە لەو ساڵانەدا حکومەت لە شاردا یاساغی کردن، بۆ نموونە (دوو تەقەللای بێسوودی ئەمین زەکی کە لە بەغدا ڕێی لێ گیرا، ئاواتی عەبدوڵڵا جەوهەر، گوڵاڵەی مەحموود ئەحمەد و ئادەمیزاد لەسایەی دەرەبەگێتیدای هەمان نووسەر) ئەمانە چەند کتێب و نامیلکەیەکن کە بەو هۆیەی لەسەرەوە باسمانکرد، دەسەڵاتی وەخت یاساغی کردوون و نەیهێشتووە بگەنە دەست خوێندەواران.

خۆ هەر لەو ساڵانەشدا هەندێ بەرهەمی نووسەرانی تریش بەچاپ گەیەندراون و ناوەڕۆکەکانیان لەمەی مامۆستا مەنگوڕی گەلێ کەسکوونتر بوون بەلای حکومەتەوە، کەچی ڕێبەندیشی لێ نەکراوە، بۆ نموونە: (کورد لەکەیەوە خەریکە، تەرجەمەکراو لەلایەن عەلی عیرفانەوە 1927) و (هەزار بێژوبەندی مارف جیاووک 1938) و (دروس و تەئریخ، قەفتانچی زادە ساڵح صدقی 1931) و (القضیة الکوردیة، معروف جیاووک و ل. کوردی 1931) و (القچیە الکوردیە، د. بلە. ج شیرکو 1931) و ( بەرەو ڕووناکی، ع . و. نووری 1942) کە ئەمەی دوایی ناوەڕۆکێکی سیاسی زەقی لەخۆگرتووە بە بیری سۆشیالستی .... مەسەلەی پیاوخراپ و بەدخوایانی ناوخۆ کە دەستێکی باڵایان هەبووە لە چاوساغی بۆ دامودەزگەکانی حکومەت زۆر بەباشی لە قەدەغەکردنی کتێبەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر (1920 – 1982 ) ڕەنگدەداتەوە کە بۆخۆی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە (وەک لە زاری مامۆستا عومەر مارف بەرزنجیم وەرگرتووە) و خوا یاربێ لە ئایندەدا بڵاوی دەکەمەوە.

جگە لەوەی باسمکرد، هەر لەو پێشەکییەدا گەلێ زانیاری هەڵە هاتووەتە گۆڕێ ، وا یەک یەک دەیانخەمە ڕوو و ڕاستیان دەکەمەوە: {دوو تەقەللای بێسوودی ئەمین زەکی بەگ یەکەم کتێبە کە ڕێبەندی کراوە، نەک دووەم یان سێیەم – ل 7 } و {چەندین کۆمەڵە و بزووتنەوەی سیاسی لە سلێمانی قەدەغەکراون وەک پایەتەختی ڕۆشنبیری – ل 8 ... ئەوەی ڕاستی بێت لەدوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ و دوورخستنەوەی بۆ خوارووی عێراق و دوای نیشتەجێکردنی لە بەغدا، ئیدی قۆناغێکی تر لە جووڵانەوەی نەتەوەیی هاتە گۆڕێ کە خۆی لە کۆبوونەوە و کۆمەڵبوونی چەند دەستە و تاقمی تێکەڵی خوێندەوار و کەسانی ناودار و سەرۆک هۆز و پیاوانی ئایینیدا دەبینییەوە بە ناوی جیا جیا، بەڵام بۆ کارکردنی سیاسی و داوای مافی نەتەوەیی، وەک کۆمەڵی (دارکەر، برایەتی کە مەنگوڕی دەڵێ خۆی لەناو پۆلیسەکانی سلێمانیدا دایمەزراندووە و سەرەتا بەناوی – حیزبی خوێنڕێژی – (2 ) و کۆمەڵەی هیوا لە سلێمانی (نەک حیزبی هیوای ڕەفیق حیلمی) دیسان کۆمەڵەی پشتیوان کە لە بەغدا خەڵەف شەوقی داوودی و هاوەڵانی دایانمەزراندبوو، هەروەها کۆمەڵەی زەردەشت کە عوسمان فایەق و مستەفا سائیب و شەوکەتی عەزیز بەگ و شێخ سەلامی شاعیر دایانمەزراند و کۆمەڵەی نیشتیمانی کورد کە جەمال بابان و مستەفا قەرەداغی و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دایانمەزراندبوو ...) ئەمانە و ڕەنگە هی تریش بووبن و گشتیان بەنهێنی بوون و مۆڵەتیان نەبووە تا قەدەغەکرابن، ئەو سەردەمە شتێ نەبووە بەناوی (پایەتەختی ڕۆشنبیری) یەوە، ئەمە لەم ساڵانەی دواییدا هاتەگۆڕێ }.

{باس لە سەردەمی مەلیک غازی دەکات کە: مێجەرسۆن نوێنەری بەریتانیا بوو لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق– ل 9 ... ڕاستییەکەی : ئەوکاتە سی. جەی ئەدمۆندز 1889 – 1979 ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق، نەک نوێنەری بەریتانیا، بەڵام ئیلی بانستەر سۆن 1881 – 24/2/1923 لە سەردەمی مەلیک غازیدا، نزیکەی هەشت ساڵ بووە مردووە، ناوبراو وەزیفەی ڕاوێژکاری لە وەزارەتەکانی عێراقدا نەدیوە. دەشێ مەبەستی لە میستەر (سوان) بێت کە لە 1925 جێگری ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی بووە و ناوەکانیان لێک نێزیک بوون. (بۆ زیاتر بڕوانە: د .عەبدولسەتتار تاهیر شەریف، بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە – ڕەنگین گ. ژ 37 ساڵی 1991).

ئیتر ئەوەی ئەو لە کۆتایی لاپەڕە 9 و سەرەتای لاپەڕە 10 دەیڵێ دووره لەڕاستییەوە، چونکە ئەوە ئەدمۆندز بووە کە دانەیەکی لە ئاواتی عەبدوڵڵا جەوهەر لەتەک خۆیدا بردووە بۆ لەندەن، دیارە بەپاڵ هەندێ دۆکیۆمێنت و چاپەمەنی کوردیی تریشەوە}.

(بەپێی بەیاننامەی 1926 بڕیار وابوو خوێندن بە زمانی کوردی فەراهەم بکرێت – ل 14 ...) لەو ساڵەدا بەیاننامە بەو مانایە دەرنەچووە، یەکەمجار لە ڕۆژنامەی (البلاد) ڕاگەیەندرا و (بلاغ) ێک لە ژمارە 128ی 20 ی نیسانی 1930 دەربارەی کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی ڕەسمی لە شوێنە کوردییەکاندا بڵاوکرایەوە، پاشان ڕۆژنامەی (السیاسة) لە ژمارە 372 ی 4/2/1931 دەقی لایحەی قانوونی زمانە ناوخۆییەکانی بە 7 ماددەی ئەساسییەوە بڵاوکردەوە، وەک چۆن ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەران بڕیاریان لەسەر دابوو، دواجاریش (وەقایعی عێراقی) کە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەت بوو، لە ژمارە 989ی 1/6/1931 دەقی قانوونی ژمارە 74ی ساڵی 1931ی بە 9 بەندەوە بڵاوکردەوە. بەڵام کە بەندەکانی ئەو قانوونە وەک خۆیان جێبەجێ نەکران، ئەوە باسێکی ترە}.

{ئەوەی بۆ من ڕوون نییە، ئەوەیە کە بۆچی کتێبەکەی عەبدوڵڵا جەوهەر قەدەغەکراوە لەلایەن بەریتانییەکانەوە و دەستیان بەسەردا گرتووە؟! سەرباری هەوڵی پیرەمێردی شاعیریش لای بەریتانییەکان بۆ ئازادکردنی ل 16 ...). کاری قەدەغەکردنەکە زیاد لە قەبارەی خۆی دراوەتە پاڵ ، ئەگەرنا وەک پێشتر گوتمان و خۆیشی دوای چەند دێڕێ هۆکارەکەی باس دەکات، دەڵێ: (هۆی قەدەغەکردنی ئەم بەرهەمە بۆ ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە ناوخۆییەی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە لەناو بەشێک لە ڕووناکبیراندا هەبوو، بەهۆی ئەوە ڕاپۆرتی خراپیان داوە بە ئینگلیز و بەمەش سانسۆر کراوە). ئیدی ڕاپۆرتێ، فیتنەییەک، بەدخوایی یان قسەی ناحەزێک بەس بووە بۆ موتەسەڕیفی لیوا یان کاربەدەستێکی تر کە ئیشەکە بوەستێنێ و هیچ پێویستی بە کابرای ڕاوێژکاری ئینگلیز نەبووە دەست بخاتە ئەو بابەتە وردەکاریانەی ناوخۆ، کاری ئینگلیز و ڕاوێژکارانی لەگشت جومگەکانی ئیدارەی وڵاتدا زۆر لەوە ناسکتر و گرنگتر بووە. سەبارەت بە هەوڵی پیرەمێردیش ئەوە شتێک لەو تەرحە لەئارادا نەبووە.

سەربووردەی مەنعی کتێبی ئاواتیش زۆر سادە بووە وەک پێشتر گوتم، گەر بوار ڕەخسا بەدرێژی دەیخەمەڕوو وەک تراژیدیائامێزێک لە مێژووی کتێبی کوردیدا .

(چاپخانەی بەلەدییە کە پێدەچێت زۆرترین کارمەندەکانی عەرەب بووبن. ل 17 ...) هەر لە سەردەمی میجەرسۆنەوە کە هەفتەنامەی پێشکەوتنی دەرکرد تا دواییش، چاپخانەکە پیتچنەکانی کورد بوون و زۆریان خەڵکی شارەکە بوون، ئەوکاتی باسی دەکات ئەحمەد شوکری 1910 – 1989 و ئەحمەد دەروێش/ ئەخۆلی شاعیر 1911 – 1988 دیارترینیان بوون. مەسەلەی هەڵەی چاپیش ئەوە شتێکی ئاسایی بووە کە زۆربەی چاپەمەنییەکانی ئەو عەیامە لێی بەدەر نەبوون.

{هەوڵی بەردەوامی ئینگلیز بۆ تواندنەوەی کورد لە بۆتەی عێراقی نوێدا. ل 18 ...} ئەم ڕستەیە دەبوو ئاوەها بووایە: هەوڵی بەردەوامی ئینگلیز بۆ پەیوەست (دمج) کردنی کورد بەبۆتەی عێراقی نوێوە. ئەگەرنا ئینگلیز لەگەڵ داگیرکاری و تەقەللای بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ، کاری بۆ تواندنەوەی نەک کورد وەک نەتەوەیەک ، بەڵکو هیچ نەتەوەیەکی تری ژێر دەستی ئیمپراتۆرییەکەیان نەکردووە، ئەوە عەرەب و حکومەتەکەی عێراق بوون کە هەمیشە لە سونگەی پاکتاوکردن و تواندنەوەوە مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە.

{لەو سەردەمانەی مەنگوڕی لە بەغدا چەندین بڵاوکراوە هەبووە کە بایەخیان بە تێگەیشتن و بڵاوکردنەوەی فیکری خۆرئاوای/ ڕاستتر خۆرئاوایی/ داوە. لەوانە ڕۆژنامەی (زەورا) کە بووە بە مینبەرێکی گرنگی گوتاری نوێخوازی . ل 20 ... } مەنگوڕی بەپێی بیرەوەرییەکانی، ساڵی 1924 چووەتە بەغدا (ل 40). ئینگلیزەکان حەوت ساڵ بووە عێراقیان داگیر کردووە، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی زۆر لە بەغدا و موسڵ و بەسرە و هەتا کەرکووک و سلێمانیش هەبووە، سا بەشێوە و ڕووکاری جیا جیا، هەتا گەلێکیان ناوە ناوە دادەخران و خاوەنەکانیان دراونەتە دادگا لەسەر نووسینی دژ بە حکومەت یان ئینگلیز، بەڵام بە زۆری ڕووکارێکی نەتەوەیی عەرەبی و عروبەچێتییان گرتووە و یەک دوویەک ڕووکارێکی کراوە و نیمچە پێشکەوتنخواز، لەوانە (الاستقلال، الفرات، البلاد، الکرخ، الصراحة، الاهالي، العلم، البصرة، النجمة، الشهاب، الموصل، الرصافة ... و زۆری تر) بەڵام (الزورا ) دوای (جورنال العراق) (3) بە یەکەم ڕۆژنامە دادەنرێ کە لە عێراقدا دەرچووبێت دوای ئەوەی مەدحەت پاشا بووە والی بەغدا لەلایەن (ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی) کە یەکەم سەرنووسەری بوو، یەکەم ژمارەی لە 16ی حوزەیرانی 1869 چاپ و بڵاوکرایەوە ، لە 11ی ئاداری 1917 بە داگیرکردنی بەغدا و هاتنی ئینگلیز ئەو ڕۆژنامەیەش داخرا، لەو ماوەیەدا کە 49 ساڵ دەکات 2606 ژمارەی لێ دەرچووە، جەمیل سدقی زەهاوی شاعیر دوا سەرنووسەری بووە. هەرچەندە ڕۆژنامەکە بایەخی خۆی هەیە لەوەی یەکەم ڕۆژنامە بووە لە عێراقدا و لەڕووی مێژوویییەوە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خستنەڕووی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زۆر لایەنی تر لە ژیانی ئەو سەردەمەی عێراقییەکان دادەنرێ، بەڵام لەڕووی فیکری و هۆشیاریی سەردەمەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە. جا ئیدی کە مەنگوڕی لەبەغدا بووە، (الزورا ) دەمێک بوو سەری نابووەوە.

{مەنگوڕی لە قەڵادزە هاتەدەر و کۆیەی بینی، کۆیەیەک بۆ ئەو وەکو شۆکی تەهتاوی وابوو کە قاهیرەی جێهێشت و پاریسی بینی، کۆیە وەک پاریس پڕ لە ئەلەکتریک، پۆلیس، ڕێگاوبان و ئاوەدانی. ل 21 ...}

ئەم لێکچواندنە زیادەڕۆییەکی فرەی تێدایە، (رفاعە تەهتاوی 1801– 1873) کە میسری جێهێشت، قاهیرە لەدنیای عەرەبیی ئەوکاتدا پایەتەختی ئاوەدانی و شارستانی و کولتووریی ڕۆژگارەکە بوو (دیارە بەپێی ئەو عەیامە) (4) گوتمان مەنگوڕی لە 1924 دا قەڵادزەی جێهێشت، ئەوکات کۆیە و شارەکانی تری ئەم باشوورە هێشتا تەم و تاریکایی حوکمی عوسمانی گەندەڵیان لێ نەڕەویبووەوە و داگیرکاری تازەش هەر لە تەقەللای جێگیرکردنی خۆیدا بوو نەک کردنەوەی دەرگایەکی ئاسوودەیی. مەنگوڕیش کە دەگاتە کۆیە، جگە لە دیمەنی گەورەیی شارەکە (لەچاو قەڵادزەدا) و پۆلیسەکانی ئیدارە ئینگلیزییەکە، شتێکی تر سەرنجی ڕاناکێشێ (5) ئیدی ئەلەکتریکی چی و ڕێگەوبان و ئاوەدانیی چی؟

ئەلەکتریک یان کارەبا بەشێوەیەکی زۆر سنووردار سوپای بەریتانی لە 1/10/1917 هێنایە بەغداوە، ئەویش بۆ ڕووناککردنەوەی سەرا و نەخۆشخانەی مەجیدیە لە بابولموعەززەم . لە 1918 دا سێ مەکینەی گەورەیان هێنا بۆ ڕووناککردنەوەی سەربازگەکانیان و شەقامی (خەلیل پاشا) کە دوایی بووە ڕەشید. لە 1922 هەندێ لە ماڵە گەورەکان و وەزیر و بازرگانەکان کارەبایان درایە و ئیتر بەمجۆرە تا 1925 زۆربەی شەقامە سەرەکییەکان و وەزارەت و کۆشکی پاشایی کارەبایان وەرگرت (6). جا کە ئەمە حاڵی بەغدای پایەتەخت بووبێ لەڕووی ئەلەکتریکەوە، دەبێ شارۆچکەیەکی ئەو ڕۆژانەی وەک کۆیە چی بووبێ کە ئەم بە پاریسەکەی تەهتاوی دەچوێنێ؟!

ئەمانەی خستمنەڕوو هەندێ لەو هەڵە درشتانە بوون کە بەسەر کاک جەماڵدا تێپەڕیون، هەرچەندە وردە هەڵەی تریش هەن بەڵام خوێنەری وریا بە سەلیقەی خۆی هەستیان پێدەکات و ڕاستییەکەیان دەزانێ.
















## پەراوێزەکان:

(1) میرزا محەممەد ئەمین مەنگوڕی : بەسەرهاتی مەنگوڕی ، چاپخانەی یاد 2009 لاپەڕە 71
(2) سەرچاوەی پێشوو ل 40
(3) جورنال العراق: ڕۆژنامەیەک بوو لە چاپخانەیەکی بەردین (حجری) لە بەغدا لە 1816 بە ترکی و عەرەبی لە چاپ دەدرا و بەژمارەیەکی کەم تەنیا بۆ والی و سەرلەشکر و ئەعیان و ئەشراف و سەرەک عەشایرەکان دابەش دەکرا.
(4) رفاعە رافیع تەهتاوی: یەک لە ڕابەرانی بزاڤی ڕابوون بوو لە میسر، لە سەردەمی محەممەد عەلی پاشا، لە 1826 لە تەک چل قوتابی تردا نێردرانە فەرەنسا و پێنج ساڵی تێدا مانەوە، مامۆستا و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوان و ڕابەرێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازی سەردەمی خۆی بوو.
(5) بەسەرهاتی مەنگوڕی، ل 40
(6) د. قاسم جبر السوداني: انارة بغداد من الفوانيس الى المصابيح الكهربائية/ ذاكرة عراقية، ملحق جريدة المدى عدد 3627 السنة 13، 8 نيسان 2016